# ژن و ناوەندەکانی دەسەڵات و بڕیار

چیمەن رەحیمی

بۆچی ژمارەی ژنان لەو شوێنانەدا کە بریاری لێدەردەچێت زۆر لە پیاوان کەمترە ؟ بۆچی ژنان بە خیرایی فێری ئیشە میکانیکییەکان نابن و هەموو ئەو ئیشانە بە ناوی پیاوانەوە تاپۆ کراون؟ بۆچی هەندێك لە وەرزشەکان تایبەتن بە پیاو و ژنان رێگایان پێ نادرێت کە تواناکانی خۆیانی تێدا تاقیبکەنەوە؟ بۆ نموونە یاری گۆلف لە بریتانیا.

ئایا ژن بە سروشت بوونەوەرێکی لاواز و ناسکە؟ یان هەموو ئەم دارشتنانەی کۆمەڵگای بەشەری لە ئاکامی کولتوور و ئایین و یاسا بەو جۆرە رەچاو کراون بۆ ئیمە و بە ئاسانی ناتوانین بیانگۆڕین؟

سیمۆن دۆ بۆئار، دایکی ئەدەبیاتی فیمینیستی، لە کتێبی بە ناوبانگی (رەگەزی دووەم)دا دەڵێت ((کۆیلەبوونی ژنان و جیاوازی رەگەزیی لە کۆمەڵگای بە شەرییدا لە ئاکامەکانی کاری سروشت نییە، بەڵکو ئەنجامی راستەوخۆی هەلومەرجی کۆمەڵایەتییە کە بووەتە بەشێك لەبیرکردنەوەی مرۆڤەکان. بەشێك لە بڕواکانمان بە هەڵە، کە گوایا ژن بوونەوەرێکی ناسك و لاوازە.....)).

هەروەها دەڵێت ((خێزان بازنەیەکی بەستراوە نییە،ماڵی هەریەك لە ئێمە ژوورێکی داخراو نییە لە ناوەراستی دوورگەیەکدا، هەلومەرجی ئابووری هەر ژن و پیاوێك، چۆنیەتی روانینیان بۆ جیهان و پیوەندییەکانیان لە گەل ماڵ و خێزانەکانی تردا رەنگدانەوەی راستەوخۆی لە چۆنیەتی بیرکردنەوەیاندا دەبێت... )). ئێمە ژن وەکو بوونەوەرێك چاو لێدەکەین کە بەرپرسە لە چاودێریکردنی منداڵەکان، لە پاك و خاوێن راگرتنی ماڵەکان، لە بانگهێشتکردن و خزمەتکردنی میوانەکان، بە تایبەتی میوانەکانی میردەکەی، بەرپرسە لە ئاشپەزیکردن و چاودێریکردن و راگرتنی بنەماکانی خێزان، ئەمە خۆی لە خۆیدا بەربەستێکی گەورەیە کە کات بۆ ژن ناهێڵێتەوە بۆ خۆراهێنان و خۆهۆشیارکردنەوە و پر ئەزموون بوون لە بوارە نائاسایی و دژوارەکاندا، بێگومان کە تۆ کاتت تەرخان نەکرد بۆ ئەوەی بەردەوام ئەزموون بکەیت، هەڵە بکەیت و لە هەڵەکانی خۆت فێربیت و خۆت باشتر و باشتر بکەیت، رۆژێك دەگات کە دەبینی تەمەنت ٦٠ ساڵانە و لە بەرانبەر پیاوێکەوە کە بەبێ سەرفکردنی ساتێك بۆ چاودێری لە منداڵ، ئاشپەزی و راگرتنی پێوەندییەکان، گەیشتووەتە ئاستی بەرپرسیاریەتی، تۆ تەنانەت بڕوات بە خۆت نەماوە کە بتوانیت بە ئاسانی بیر و رای خۆی دەربڕیت.

ژنانی بێئیش لە ماڵەوە سەربەخۆیی ئابووریيان نییە و رووبەڕووی توندوتیژی شاراوەو سوکایەتی پێکردن دەبنەوە و ناتوانن ناڕەزایی دەربڕن چونکە ئاڵتەرناتیڤیان نییە، لە سەر کارو تەنانەت لە ئاستی بەر پرسیاریەتیشدا لە لایەن هاوکارە پیاوەکانیانەوە توندوتیژیان بەرامبەر دەنوێنرێت، چونکە فەرهەنگی پیاوسالارانە ناتوانێت بە ئاسانی قەبوولّ بکات کە نێر و مێ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

یەکسان بن. ئەمساڵ بۆ یەکەمجار لە مێژووی بریتانیادا، خانمێك گەیشت بە ئاستی وەرگرتنی ئیشێك کە سەدان ساڵە تەنها  بە پیاو دراوە، (ئیشی پاسەوانیکردن لە تاوەر ئۆڤ لەندەن– Tower of London)، هەموو جەهەراتی سەڵتەنەتی لەو قەڵایەدا هەڵگیراوە، پێشتر کە سیستەمی ئەمروژی نەبووە پاسەوان دانراوە، بەڵام ئێستا بە ناو پاسەوانن، بەکردەوە ئیشی رێنوینی توریست دەکەن، بێگومان زۆر کەس هەن حەز بەو ئیشە دەکەن)، بەهەرحاڵ ئەمساڵ بۆ یەکەمجار ژنێك  توانی ئەم ئیشە بەدەست بهێنێت، بەڵام لە لایەن هاوکارە پیاوەکانیەوە تووشی ئەزیەت و ئازار و توندوتیژی شاراوە ببوو کە ناچار بێت ئیشەکە بە جێبهێڵێت. بەڵام ئەو ژنە پارێزەری گرت و دواجار سەلماندی ۳ پیاو زۆر ئەزیەتیان کردووە، ۲ لە پیاوەکان لە ئیش دەرکران و یەکێکیان دوای پرۆسەی یاسایی گەڕایەوە سەر کارەکەی. ئەگەر لە بریتانیادا کە خۆی بە خاوەنی مێژوویەکی سەدان ساڵە لە ئەزموون و راهێنانی دیموکراسی دەزانێت هەلومەرج بەم چەشنە بێت، ئەی ئاخۆ لە بەشەکانی تری جیهان و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دۆخەکە چۆنە؟

دەبینین لە ئەوروپا و لە روژهەڵاتی ناوەراست و لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا، ژنان قوربانی رۆژانەی نادادپەروەری رەگەزیی و نایەکسانین، جیاوازی ئەوروپاو ئێمە لەوەدایە کە لە ئەوروپا یاسا پاڵپشتی لە حەق دەکات بەڵام لە وڵاتانی ئێمەدا یاسا و ئایین و فەرهەنگی کۆمەڵگاش دەبنە پاڵپشتی سیستەمی پیاوسالارانە و ئەمە بەربەستی هەرە گەورە دەخاتە سەر رێگای پڕ هەوراز و پڕ لە کۆسپی بەرەو یەکسانی رۆیشتن.

ژن لە کۆمەڵگادا وەك بەڕێوەبەری کاروبارەکانی ماڵەوە چاوی لێدەکرێت، ژن پێوەندییەکانی مێردەکەی رادەگرێت و پێگەی مێردەکە بەهێزتر دەکات لە کۆمەڵگادا (ئاشپەزی  بۆ میوانەکانی میردەکەی دەکات و بەرژەوەندییەکانی خێزان رادەگرێت) کە ئەمە رواڵەتی پیاوێکی سەرکەوتوو دەدات بە مێردەکە و بەدرێژایی تەمەن پێگەی بەهێزتر دەکات. چونکە کۆمەڵگا هەتا ئەم ساتەش یەکێك لە سەرکەوتنە گەورەکانی خۆی لە پێکهێنانی خێزاندا دەبینێت و ئەم ئەرکەش راستەخۆ دەخاتە سەر شانی ژن. ئاکامی خێزان پیکهێنان دەبێتە هۆی کات لە دەستدان بۆ رەگەزی مێ، بەمەش ژن دەبێت بە بونەوەرێکی بەستراو بە پیاوەوە، بەسترانیش بە پیاوەوە مەرجی تر بە دوای خۆیدا دەهێنێت، چونکە لەو بارەدا ژن دەبێت بەردەوام بێت لە خۆ جوان راگرتن، لە ماڵ جوان راگرتن و کۆنترۆلی ئاشپەزی و پەروەردەکردنی خێزان کە ئەمەش ئاکامەکەی بەسترانەوەی زیاتری ژن بە پیاوەوە و و دوور کەوتنەوە لە دنیای دەرەوەی ماڵ و لاوازتر بوون لە هەموو لایەنێکەوە بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

کۆمەڵگا ژن بە بوونەوەرێك دەناسێ کە تەنوورە دەپۆشێ، پێڵاوی پاژنە بەرز لەپێ دەکات و خۆی جوان دەکات بۆ ئەوەی بەکردەوە ببێت بە ئامێری حەز و لەزەتی پیاو. ئەو ژنانەی کە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شەرواڵ یان پانتۆڵ دەپۆشن و میکیاژ ناکەن و کەوشی نزم لەپێ دەکەن پێیان دەڵێن نێر و مێ. چاوی هەموومان وا راهاتووە کە ژن کاتێك بە کەوشی بەرزەوە، رێدەکات جوانتر لەنجە دەکات و پیاو زیاتر لەزەت لە بینینی دەبات. بەڵام ئەوەش دەزانین کە کەوشی بەرز پێش لە خێرا رێکردن دەگرێت و لە فیلمەکانی (Hollywood)دا ژنان بە کەوشە بەرزەکانیانەوە کاری پیاوەکانیش پڕ دەکەن لە کۆسپ. هەمیشە ئەوە پیاوەکانن دەبێ ژنەکان رزگار بکەن.

هەر چەند globalization تا رادەیەك ئاستی هۆشیاری ژنانی بردوەتە سەر لە پێوەندی لەگەڵ گرنگیدان بە لە ماڵ چوونەدەر و ئیشکردن و سەربەخۆیی ئابووری، بەڵام ئایین و کولتوور هێشتا سەرسەختانە رێگری دەکەن لە رێگای گەیشتنی ژنان بە ناوەندەکانی دەسەڵات و بڕیار. هەموو ساڵێك لە کۆبوونەوەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پێ لەسەر ئەو راستییە دادەگرێت و داوا دەکرێت رێوشوێنی گونجاو رەچاو بکرێت بۆ گەیشتنی ژنان بە ئاستی بەرزتر لە هەموو بوارەکاندا بەڵام بە داخەوە لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهاندا ژن نەك بەرەو پێش ناچێت بەڵکو پێگەی لاوازتر دەبێت چونکە لە دنیای خێرای سەدەی ٢١ دا ئەگەر پێش نەکەویت، وەك خۆت نامینیتەوە بەڵکو دوا دەکەویت، بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو جیاوازییە گەورەیە کە کەوتوەتە نێوان جێگە و پێگەی ژن و پیاو لە ئاکامی نایەکسانیی سەدان ساڵەدا، شۆڕشێکی مەزن و سیحراوی بۆ دروستکردنی گۆڕانی بنەڕەتی لە یاسا و ئاییندا پێویستە..

لە هەموو دنیادا یەك یان دوو وڵاتی لێ دەرچێت ژن موچەی کەمتری پێ دەدرێت بۆ کاری یەکسان، بۆ نموونە لە وڵاتێکی گەورە و بەهێزی وەك بریتانیا، سایقی شەمندەفەر و ئۆتووبوس، ئەگەر ژن بێت، پارەی کەمتر لە پیاو وەردەگرێت.

بەرپرسی ئیتحادیەی ئەورووپا لە یەکێك لە وتارەکانیدا دەڵێ: لە حاڵی حازردا تەنیا ٣٠ لە ١٠٠ ی ژنان خاوەنی کاری خۆیانن، مەبەست (خاوەن بیزینس)ە، ئەمە مانای ئەوەیە کە ٧٠ لە سەدی ژنان کرێکارن بۆ کارفەرمای پیاو. ٢٧ وڵات ئەندامی ئیتحادیەی ئەورووپان.

لە راپۆرتیکی دیکەی ئیتحادیەی ئەورووپا کە لە ریکەوتی ٢٠٠٩/١٠/٣٠دا بڵاوکراوەتەوە، نوسراوە کە ٣٥ لە سەدی ئەندامانی پەرلەمانی ئەورووپا ژنن. واتە لە پێشکەوتووترین پەرلەمانی دنیادا تەنیا ٣٥ لە ١٠٠ی ئەندامان ژنن کە لەو رێژەیەش زۆربەیان کارە گرنگەکانیان پێ ناسپێردرێت. ئەم رێژەش تەنیا لە چەند ساڵی رابردوودا لە دوای هەوڵ و خەباتی ژنانی رووناکبیر بەو ئاستە گەیشتووە. هەروەها لە راپۆرتەکەدا هاتووە کە تا ئێستاش شوێن و پێگە هەستیارەکان بە دەستی ژنانەوە نیین . واتە دەبینین کە تەنانەت پاش تێکوشانی زۆر لە لایەن ژنانی ئازاد و رووناکبیر و هەروەها لە پیشکەووتووترین بە شەکانی جیهاندا کە دەسەڵات ناچار کراوە دەرفەتی گونجاو و تا رادەیك هەنگاوی گرنگ هەلبیینی بۆ یەکسانی نێوان ژن وپیاو،



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کەچی هێشتا ژنان ڕێگایەکی دوور و درێژیان لە بەردەم دایە بۆ چەسپاندنی یەکسانی و لە ناوبردنی هەموو چەشنە نادادپەروەری و توندو تیژییەك.

لە یەك ساڵی ڕابردوودا تەنیا لە وڵاتی بریتانیا ٧٢ ژن بە دەستی پیاوەکانیان کوژراون. ڕۆژی لە ٢٠٠٩/١١/٢٥دا ٧٢ پەیکەریان وەکو هێمای ئەو ٧٢ ژنە لە نزیك یەکێك لە قەرەباڵغ ترین شوێنە توریستیەکانی لەندەن لە تەنیشت تاوەر بریج دانابوو. لە ساڵی ٢٠١١ بە دواوە وەکو هەنگاوێك بۆ بنبڕکردنی توندوتیژیی دژ بە ژنان و کچان، لە سیستەمی پەروەردەی بریتانیا گۆڕانکارییەك دەکرێ ئەوەش، بە منداڵ ( تەمەن ٥ ساڵ بە دواوە، تا ئێستا لە تەمەنی ١٠ ساڵ بە دواوە بوو) دەرس دەدەن کە شەڕی ناو خێزان چییە و ئەوان دەتوانن چۆن داوای یارمەتی بکەن. ئەمساڵ بریتانیا بودجەیەکی ١٣ ملیۆن پۆندی تەرخان کردووە بۆ هەنگاو هەڵگرتن بەرەو نەهێشتنی توندوتیژیی دژ بە ژنان. تا ئێستا لە بریتانیا لە هەر ٤ کچ ١ کچ دووچاری توندوتیژیی فیزیکی دەبێت

ئەم ئامار و ڕاپورتگەلە ڕاستن و هەموومان ڕوژانە شایەتی هەندێکیانین و دەزانین کە ڕاستن، هەموومان دەبینین چۆن هیچ ژن، یان کچێك نییە بە دەستی پیاوەکانی بنەماڵەکەی خۆی ڕووبەڕووی توندوتیژی دیار یان شاراوە نەبوویتەوە، بۆیە دەبێ بڵێین کە ژنان خۆیان وەکو ئەو نیوە لە کۆمەڵگا کە توندوتیژییان بەرامبەر دەنوێنرێت، دەبیت هەست بە بەرپرسیایەتی بکەن و بۆ لە ناو بردنی ئەم دیاردە ترسناکە تێبکۆشن. تاکو ژن ٥٠ لە ١٠٠ یان زیاتری ناوەندەکانی بڕیاردان بە دەستەوە نەگرێت گۆڕانکاریی بنەڕەتی ئەستەمە. چونکە ئەوە ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە کە ئەو کەسەی بڕیارِ دەدات و دەسەڵاتی بە دەستەوەیە، هەموو هەوڵێك بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتەکەی دەدات و ئەمەش ئاساییە. لە حاڵی حازردا لە بەشە پێشکەوتووەکانی جیهان ٧٠ بۆ ١٠٠ و لە شوێنەکانی دی ٩٥ بۆ ١٠٠ی هەموو بڕیارەکان پیاو دەیدات. ئاساییە ئەو ڕەگەزەی هێزی بە دەستەوەیە، تا ئەو ڕوژەی هێزیان لە هەموو بوارەکاندا بە تەواوەتی یەکسان دەبیت لەگەڵ ڕەگەزەکەی دیکەدا، دەیچەوسینێتەوە. بۆ گەیشتنیش بە ژیانێکی یەکسان لە نێوان ژن وپیاودا، پێویست دەکات نەوەکان جوان پەروەردە بکرێن و ماف و ئەرکەکانیان بۆ ڕوون بکرێتەوە، هەروەها دەبێت گۆڕانکاری لەو یاسایانەدا بکرێت کە هۆکاری درێژەدانن بە نایەکسانیی لە نێوان ژن و پیاودا.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com